سبەی کەشوهەوا ساردتر دەبێت

دەستەی گشتیی کەشناسی عێراق پێشبینی کرد، سبەی سەشەممە کەشوهەوای ناوچەکان بەراورد بە ئەمە ساردتر بێت، هەروەها پلەی گەرمی شارەکانی هەرێمی کوردستان خوار سفری سیلیزی بێت.

کەشناسی عێراق پلەکانی گەرمای پێشبینیکراوی شارەکانی هەرێمی کوردستانی بەمشێوەی خوارەوە باو کردووە:

هەولێر: (-5) پلەی سیلیزی

سلێمانی: (-6) پلەی سیلیزی

دهۆك: (-5) پلەی سیلیزی

کەرکووك: (-2) پلەی سیلیزی

کۆشناسی هەروەها رایگەیاند، لە بەشێك لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق پلەکانی گەرما بە خوار سفری سیلیزی دادەبەزێت، لەوانە (بەغدا، نەینەوا، سەلاحەدین، دیالە، ئەنبار و واسیت).